The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
antigenocide@hotmail.com


## نامەی ناوەندی چاک بۆ دامودەزگا حکومی و ڕیکخراوەکان لە سویسرا سەبارەت بەکێشەی د. کەمالی سەید قادر

رفاندنی د.کەمال سەید قادر

بەڕێزان

ئێمە پێتان رادەگەیەنین کە لە بەرواری 26 ی ئۆکتۆبەری 2005 دا، مامۆستای زانکۆ و نوسەر و یاساناس د. کەمالی سەید قادر لە لایەن ئاسایشی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە کوردستانی عێراق دا، رفێنراوە و تا ئێستاش کەس نازانێت لە کوێیە.

د.کەمال سەید قادر بەڕەگەز کوردە و هاوولاتی نەمسایە، پێشتر هەندێک وتاری ڕەخنەیی نوسیوە، کە تێیاندا ڕەخنە لە کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرێت و لە سایتی کوردستانپۆستدا بلاوی کردونەتەوە، پێش دوو هەفتەیەک گەڕایەوە کوردستان، بۆ ئەوەی لەوێ کێشەکەی لەگەڵ کاک مەسعود بارزانیدا لە دادگا دا یەکلایی بکاتەوە.

ئیمە داواتان لی دەکەین کە چی زووترە فشار بخەنە سەر پارتی دەموکراتی کوردستان بۆ ئازادکردنی د.کەمال و خستنەڕووی‌کیشەکەی‌لە بەردەم دادگایەکی سەربەخۆ و بی لایەندا. هەروەها ئەگەر ئیمکان هەبێت بتوانن لە زیندانەکەیدا سەردانێکی بکەن.

لەگەڵ سوپاس و ڕێزماندا...

ناوەندی هەڵەبجە دز بەئەنفال و جینۆسایدی کورد / لقی سویسرا

2005. 11. 9

وێنەیەک بۆ:

- ـ نوسینگەی سەرۆکی سویسرا
- ـ نوسینگەی ئەنجومەنی وەزیرانی سویسرا
- ـ پەرلەمانی سویسرا
- ـ بارەگای سەرەکی خاچی سوری نێودەوڵەتی لە جنێڤ
- ـ بارەگای جاچی سوری نێودەوڵەتی/لقی سویسرا